# دەلالەتەکانی ڕەنگ لە دەقە شیعرییەکانی (مستەفا بەگی کوردی)دا

ژوان عبدالسلام عزیز ، یوسف علی محمد
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، زانکۆی سەڵاحەددین

پـێـشـەکـی

ئەم توێژینەوەیە کە لەژێر ناونیشانی ( دەلالەتەکانی ڕەنگ لە دەقە شیعرییەکانی (مستەفا بەگی کوردی )دا) دایە، مەبەستێکە بۆ خستنەڕووی سەرجەم ڕەنگەکان لەدەقی شاعیر(مستەفا بەگی کوردی)دا.

ڕەنگ ئاماژە کردنێکە ڕاستەوخۆ نیگای وەرگر بۆ لای خۆی کێش دەکات، لە وەتەی ژیان هەیە ڕەنگەکان هەبووەو هەستیان پێکراوەو ڕەنگ تا ڕەنگیش سەرنج ڕاکێشترە. لەبەر ئەوەی ڕەنگ زانستێکە پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان و باری دەروونی مرۆڤەکان ڕوون دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا هەر ڕەنگێک دەلالەتی تایبەت بەخۆی دەبەخشێت، شاعیرانیش زۆر لێهاتووانە ڕەنگیان بەهێماو دەلالەتی جیا جیا لەدەقە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە تا وەکوو باری دەروونیان پێ دەربڕن و پەیامەکانیان بەهۆی ڕەنگە جۆراو جۆرەکانەوە بگەیەنن بە وەرگر.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و دەلالەتی واتا بەخشە مەبەستدارەکانی هەر ڕەنگێک، (مستەفا بەگی کوردی)یش دەستێکی باڵای لەبەکارهێنانی ڕەنگدا هەبووەو ڕەنگی بەمەبەست و بەخشینی دەلالەتی جیا لەدەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە، هەربۆیە بەپێویستمان زانی لەسەر ئەم بابەتە بنووسین.

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی ئەو ڕەنگانەیە کە شاعیر ( مستەفا بەگی کوردی ) لە دەقە شیعرییەکانیدا کە بەکاریهێناوە بیخەینەڕوو و دەلالەتەکانیان ڕوون بکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستە پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاری)مان کردووە تاوەکو بە دەلالەتی ڕەنگە بەکارهاتووەکانی شاعیر بگەین.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم: ئەم بەشە بەناونیشانی فەلسەفەی ڕەنگە چەند ناونیشانێک لە خۆ دەگرێت؛ لەوانە: (ڕەنگ و ژیان، زمانی ڕەنگ، ڕەنگ و شیعر).

تەوەری دووەم: ئەم بەشەش لەژێر ناونیشانی (دەلالەت و پەیوەندی نێوان ڕەنگ و شوێن لە شیعرەکانی (مستەفا بەگی کوردی)دایە، تیایدا ئاماژە بە دەلالەتی هەریەک لە ڕەنگە (بنچینەیی و لاوەکی و هارمۆنیا) کراوەو دەلالەتی هەر جۆرەیان لە دەقە شیعرییەکانی (مستەفا بەگی کوردی )دا باس کراوە.

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پوختەی ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتووین لەگەڵ سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بەزمانی عربی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

کلیلە وشە: دەلالەت، ڕەنگ، دەقی شیعر، کوردی، شیکردنەوە.

بەشی یەکەم: فەلسەفەی ڕەنگ:

یەکەم: ڕەنگ و ژیان:

ژیان خۆی دەلالەتە بۆ ڕەنگ لەبەر ئەوەی ڕەنگەکان ژیان وێنا دەکەن، بەوێناکردنیشیان ژیان نەخشین دەکەن، بەمەش هیوا دەبەخشێت بە ژیانکردنی مرۆڤ. هەر کەسێک لەژیان هەندێ ڕەنگی لا خۆشەویست و پەسندەو هەندێ ڕەنگیش ڕەتدەکاتەوە، بەپێی ویست و هەست و نەست ڕەنگەکان هەڵدەبژێریت و ژیانی خۆی بە ڕەنگە هەڵبژێردراوەکانی ڕەنگینتر دەکات، هەڵبژاردنی ڕەنگەکانیش لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری جیا جیا؛ لەوانە: ( فیزیاوی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، جێژ وەرگرتن، هێما ). هەریەک لەمانەش ڕەنگدانەوەی تایبەتی لەسەر ژیان دەبێت. جا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی ڕەنگ وژیان؛ باس لەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین:

١-١: سروشتی ڕەنگ:

هەستکردنی مرۆڤ هەر لەسەرتای ژیانەوەو ئەو کاریگەرییە گەورەیەی کە لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیەتی، ئەمە یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکان کە بووەتە هۆی جیاکردنەوەی ڕەنگەکان لەگەڵ یەکتری و جیاوازیی کردنی نێوان کەل و پەلەکان لەگەڵ یەکتری، بێگومان باشترین ئەندام لەجەستەی مرۆڤ بۆ ئەم مەبەستە ( چاو )ە، لەبەر ئەوەی (( ڕەنگ دیاردەیەکی فیزیاوییەو سروشت سەرچاوەکەیەتی و هەر لەدێرینەوە مرۆڤ لەگەڵ ڕەنگەکاندا ژیاوەو بەدرێژایی ژیانیش ڕەنگی تازە دۆزراوەتەوەو دەدۆزێتەوە))[1] واتە سروشت سەرچاوەی یەکەم بووە بۆ دۆزینەوەی ڕەنگەکان لەلایەن مرۆڤە سەرەتاییەکان بێ ئەوەی درکی پێ بکەن.

ڕەنگ کاریگەری لەسەر منداڵی تازە لەدایکبووش هەیە؛ (( جێگیر بووە کەوا ڕەنگ چاوی منداڵ بۆ لای خۆی کێش دەکات، هەر لەسەرتای ژیانییەوە، بە چاوەکانی بانگ دەکات پێش ئەوەی بە زمان یان بە ئاوەز (عەقل)ی بانگ بکات))[2] ئەمەش بەهۆی ئەو تیشکەیەیە کە بەر تەنە ڕنگدارەکان دەکەوێت.

هەر بۆیە ئێمە ناتوانین هەست بەشتە ڕەنگاوڕەنگەکان بکەین بەهۆی ئەو ڕووناکیەوە نەبێت کە دەکەوێتەوە سەری و دەشکێتەوە؛ ئەگەر ڕووناکییەکی بەهێز کەوتە سەر تەنە ڕەنگدارەکان ئەوا ڕەنگەکان بە تۆخی (تێر)ی دەردەکەون و بە پێچەوانەشەوە گەر ڕووناکییەکە بەهێز نەبوو ئەوا تەنە ڕەنگدارەکان بەکاڵی دەردەکەون، لەبەر ئەوە هەر کات ڕووناکی هەبێت ئەوا ڕەنگیش دەبێت، بۆیە سروشتی ڕووناکییەکە کار لەسروشتی ڕەنگەکەش دەکات، لەبەر ئەوەیە دەبینین ڕەنگێک لەژێر ڕووناکییەکی دەستکرد دا جیاوازە لەوەی کە ئەو ڕەنگە لەژێر ڕووناکی خۆردا بێت.[3] بەتایبەتی ڕووناکی خۆر کە دەکەوێتە سەر تەنە ڕەنگدارەکان بەڕێگەی چاوەوە ڕاستەوخۆ مرۆڤ بۆ لای خۆی کێش دەکات؛ بەهۆی تیشکدانەوەی ڕەنگەکان دەردەکەون؛ بەم پێیە ڕەنگەکان بەبێ ڕووناکی دەرناکەون، واتە چاو ناتوانێت ڕەنگەکان ببینێت و لەیەکیان جیابکاتەوە تاوەکو ڕووناکی نەبێت؛ چونکە (( ڕووناکی خاڵی بنچینەیی پێکهێنانی ڕەنگە، ئەمەش لێهاتوو و لێزانینی بینینە، لە دەرئەنجامی کارپێکراوی هەست، لەو کاتەدا وەڵامێکی دیاریکراو بۆ ڕووناکی لە مێشک دێتە بوون؛ کە لەلایەن چاوەوە پێشوازی لێ دەکرێت. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ڕەنگ بریتییە لە وەڵامێکی فیزیاویی و دەروونی بۆ ڕووناکی ))[4] واتە ڕووناکی سروشتی ڕەنگەکان دەردەخات.

* فیزیاناسانیش ڕەنگیان بەهۆی سێ بەڵگەی سروشتیەوە دیاری کردووە کە ئەمانەن:

1. درێژی شەپۆل: دەتوانرێت تیشکدانی خۆر بەهۆی ئاوێزەیەکەوە شیتەڵ بکرێت بۆ ڕەنگەکانی شەبەنگی خۆر کە هەر یەکەیان درێژی شەپۆلی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەو ڕەنگانەش لە درێژترین درێژە شەپۆلیانەوە بۆ کورتترینیان ئەمانەن ( سور، پرتەقاڵی، زەرد، سەوز، شین، نیلی، بنەوشەیی ) و تیشکدانی دیکەی خۆر کە نەبینراون ، وەك (تیشکی خوار سور و سەرو بنەوشەیی).

٢. پوختەیی ڕەنگەکە: واتە ڕێژەی ئەو ڕەنگە و بڕی سپی تیایدا.

٣. کۆڵکەی بێگەردی ڕەنگەکە: واتە بڕی ڕووناکی گواستراوە یان دراوە لەو ڕەنگەوە بە جۆرێك کە چاوەکانمان هەست بەو حەوت ڕەنگەی شەبەنگی خۆر بکات بە باشی، هەروەک لە وێنەکەدا ڕوونکراوەتەوە:[5]



ڕەنگ یارمەتیمان دەدات بۆ دۆزینەوەی سەرجەم تەنەکان کە ڕەنگیان هەیە بە زیندوو و مردووەوە بەشێوەیەکی ڕوون؛ بێگومان خودای باڵا دەست داهێنەری سەرجەم ڕەنگەکانە بەشێوە ئەندازەی زۆر جوان کە پێشتر هاوشێوەو وێنەی نەبووە.[6] واتە ڕەنگ لەهەموو تەنە دروستکراوەکانی دەوروبەرمان هەیە؛ بەمشێوەیە سروشتی ڕەنگ لە ژیاندا زۆر گرنگە، بۆیە ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت و خۆی زاڵ دەکات بەسەرماندا، لەبەر ئەوەی ڕەنگ مرۆڤ بۆ خۆی کێش دەکات، نەک مرۆڤ ڕەنگ بۆ خۆی کێش بکات. ئەمەش لەبەر بوونی بەهێزی ئەو تیشکەی کە دەکەوێتە سەر تەنە ڕەنگدارەکان و دەشکێتەوەو ڕەنگەکەی بەر چاوی وەرگر دەکەوێت.

١-٢: کاریگەری ڕەنگ لەسەر دەروونی تاکەکەس:

ڕەنگ کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ دەبێت بەشێوەی پلە جیا جیا بێ ئەوەی ویستی هەر یەک لە ئێمەی لەسەر بێت، بۆیە لەگەڵ هەندێ ڕەنگ کارلێک دەکەین وەک لەهەندێ ڕەنگی تر، ئەمەش وا دەکات هەندێ ڕەنگ بەسەر هەندێ ڕەنگدا زاڵ بێت. چونکە (( ڕەنگ توانای بەسەر هەستی مرۆڤ دا هەیە، بۆیە ڕەنگ هەیە چەشەی یەکێک تێک بداو بەڕەنگێکی تر دڵی بکرێتەوە))[٧] کە بەپێی ویستی تاک و گونجانی لەگەڵ هەر ڕەنگێک دەبێت؛ هەر ڕەنگێکیش کاریگەری بەسەر دەروونی مرۆڤ چ دێڵێت، جا کاریگەرییەکە ئەرێنی بێت یان نەرێنی. بۆیە بەهەندێ ڕەنگ دڵ ئارام دەبێت و خۆشی لێ دەچێژرێت و بەهەندێ ڕەنگیش بەپێچەوانەوە دەبێت.

دەروونی تاکەکەس ڕەنگەکانی تایبەت بەو کەسەی کە سەرنجی ڕادەکێشێت بۆ خۆی ڕادەکێشێت، واتە مەیلی مرۆڤ بۆ ڕەنگ پەیوەستە بە کۆمەڵێ تایبەتمەندی کەسی؛ لەوانە: ( سروشتی کەسەکە؛ وەک: ( پێستی، چاوی، قژی، ....هتد)، جیاوازی لە ئارەزوودا، خێرایی کاریگەرییەکەی و لەسەرخۆ بوونییەکەی، جیاوازی پلە لەهەست و سۆزدا، بوونی ئارەزووی هونەری، توانای لە (کارلێک و گونجان و کێش کردن)دا، ئەو ڕەنگەی دەربڕی لێ دەکات).[٨] بێگومان ئارەزوو ویستەکانی تاک و دیاریکردنی ڕەنگەکان لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ هۆکاری ( سیاسی و کۆمەڵایەتی و سروشت و بیرو باوەڕی ئاینی و داب و نەریت و ڕۆشنبیری و .... هتد) دەگەڕێتەوە. چونکە ڕەنگ بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕۆشنبیری و یادەوەری و ڕوانینی مرۆڤ))[٩] یادەوەرییەکان بەبوونی ڕەنگەکانەوە چێژ بەخشترو کاریگەرتر دەبن لەسەر دەروونی مرۆڤ بۆیە (( ڕەنگ نەک هەر کار دەکاتە سەر تواناکانمان بۆ جیاکردنەوەی شتەکان، بەڵکو دەبێتە مایەی گۆڕینی چەشەو هەستەکانمان))[١٠] واتە هەندێ ڕەنگ بۆ مەبەستی خۆشی بەکاردەهێنرێت و هەندێ ڕەنگیش بۆ مەبەستی ناخۆشی، بیگومان گەیاندن و واتای ڕەنگەکان لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازە، بۆ نموونە ڕەنگی سپی لەنێو نەتەوەی کورد ڕەمزی خۆشییە و گەیاندنی واتای ئاشتی و ئارامییە، بەڵام لەنێو نەتەوە هیندییەکان ڕەمزی غەم و پەژارەیە واتای گیان سپاردنی کەسی ئازیزیانە. بەمشێوەیە دەلالەتی ڕەنگەکان بەپێی نەتەوەکان دەگۆڕێت.

لەلایەکی تریش بەکارهێنانی ڕەنگەکان بەپێی تەمەن دەگۆڕێت، واتە (( هەروەک چۆن ڕەنگ توانای دروستکردنی کاریگەری هەیە بەهەمان شێوە توانای دۆزینەوەی کەسایەتی مرۆڤیشی هەیە؛ کە هەریەکەیان بەپێی تێگەیشتنی خۆیەوە پابەند دەبێت بەوەی هەڵبژاردنی ڕەنگەکان واتای دەلالی تایبەت بەخۆی ببەخشێت ))[١١] دەرئەنجامی ئەم جیاوازیە لەهەڵبژاردنی هەستی مرۆڤ بۆ ڕەنگ؛ بووەتە هۆی دابەشکردنی ڕەنگەکان بۆ ڕەنگی گەرم و ڕەنگی سارد (( ڕەنگە گەرمەکان وەکو ڕەنگی ( سور و زەرد ) گوزارشت لە خۆشی و ڕووناکی و گۆرانی و شتی خۆش دەکەن؛ بەڵام ڕەنگە ساردەکان وەکو ( سەوز و شین ) زیاتر ئاماژەی لەسەر خۆیی و دڵتەنگی پێوە دیارەو گوزارشت لە ناخۆشی و دڵتەنگی و سێبەرو تاریکی و خەم و خەفەت دەکەن ))[١٢] بەڵام مەرج نییە هەموو کات بەمشێوە بێت ڕەنگە گەرمەکان واتای خۆشی بدەن و ڕەنگە ساردەکانیش واتای ناخۆشی بدەن. بۆ نموونە ڕەنگی سوور ئاماژەیە بۆ خوێن ڕشتن، یان سەوز واتای ژیانەوە لەبەهاردا دەبەخشێت. واتە ڕەنگەکان باری دەروونی مرۆڤ ڕوون دەکەنەوە لەو دۆخەی کە تیایدا دەژین.

١-٣: دەلالەتی ڕەنگەکان و کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ:

هەر ڕەنگێک کاریگەری تایبەتی لەسەر دەروونی مرۆڤ هەبێت ئەوا ژیانی وەک نمایشێکی ڕەنگاو ڕەنگ تایبەت بە خودی کەسەکە دێنێتە کایەوە، هەر ڕەنگێک تایبەتمەندییەکی خۆی هەیەو دەلالەتێکی تایبەت دەبەخشێت، بەبەکارهێنانی هەر ڕەنگێک لەلایەن

هەر تاکێک باری دەروونییەکەی و ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژیت دەردەخات، واتە ڕەنگ پەیوەندییەکی پتەوی بەباری دەروونەوە هەیەو دۆخی هەر تاکێک لەبارە جیا جیاکان ڕوون دەکاتەوە ؛ جا لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی دەلالەتی ڕەنگە باوەکان و کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ دەخەینە ڕوو:

١. ڕەنگی ڕەش: دەلالەت لە ( ناخۆشی، دڵتەنگی، ماتەمینی، زوڵم و زۆرداری، ئابلوقەدان، مەینەتی، خەم و خەفەت، غەدر لێکردن، شەو، تاریکی، مەرگ) دەکات.

٢. ڕەنگی سپی: دەلالەت لە ( هێمنی، لەسەرخۆیی، پاکی، بەرچاو ڕووناکی، ئاشتی، خۆبەدەستەوەدان، کۆڵدان، ساویلکە، ڕۆژ، شەپۆڵ، شەونم، ژیان، کفن) دەکات.

٣. ڕەنگی سوور: دەلالەت لە ( شۆرش، قوربانیدان، بەرخودان، جوڵاندن، ژیانێکی تووڕەو خوێناوی، شەهید بوون، خوێن) دەکات.

٤. ڕەنگی زەرد: دەلالەت لە ( نەخۆشی، خەم و خەفەت، پیری، بێ توانایی، سەرنەگرتنی تێکۆشان، حەسوودی، ڕق و کینە، لاوازی، بیابان، لم، سیس بوون) دەکات.

٥. ڕەنگی سەوز: دەلالەت لە ( هیواو ئاوات، سوور بوون و تەحەددا، گەردوون سروشت، ژیان و ژیانەوە، ئارامی بەخشین، دڵنیایی، گەشەسەندن، خێرو بێرو چاکە) دەکات.

٦. ڕەنگی شین: دەلالەت لە ( جیهانی بێ سنوور، گەشبینی، ئاسمان، دەریا، ئەستێرە، بەرەبەیان، ماتەم) دەکات.(١٣)

ڕەنگە بنچینەییەکان بریتین لە (سوور، زەرد، سەوز، شین،)، سەرجەم ڕەنگەکانی تریش لاوەکین و لەئەنجامی ئاوێتە بوون بە ڕەنگەکانی تر دروست دەبن.

دووەم: زمانی ڕەنگ:

ڕەنگ یەکێکە لەهۆیەکانی گەیاندنی پەیام لەنێوان مرۆڤەکان، هەروەها هۆیەکە بۆ ئاشنا بوون و نزیکبوونەوەی تاکەکەکان لەگەڵ یەکتری و دەبێتە مایەی پێکەوە ژیان لەگەڵ یەکتریدا. ناونانی هەر ڕەنگێکیش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی مرۆڤایەتی و بڵاو دەبێتەوەو دەروات. لەگەڵ ئەمەش هەر ڕەنگێک هەڵگری پەیامێکی شاراوەیەو بەپێی جۆری ڕەنگەکە دەگۆڕێت. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەمە باس لەم لایەنانەی خوارەوە دەکەین:

٢-١: دەربڕینی ڕەنگ:

دەربڕینی ڕەنگ پەیوەندییەکی هێمایی و زیادکراوێک بەتەنەکان دەبەخشێت، واتە دەلالەت و بوونی ڕەنگ گرنگە بۆ سەر ژیانی مرۆڤ، لەگەڵ ئەمەشدا هەر نەتەوەیەک دەربڕین و تێگەیشتنێکی تایبەتی بۆ ڕەنگ هەیە، بەکارهێنانی هەر ڕەنگێکیش دەربڕێنە لە ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانی و ڕاددەی لێهاتوویی و ئاستی خوێندەواری هەر نەتەوەیەک لەگەڵ ئەوی ترو ناونانی هەندێ لە شوێنەکان بەڕەنگ وەک: دەریای ڕەش، ڕووباری ڕەش لە ئەمەریکای باشوور، ڕووباری زەرد لە باشووری صین، دەریای سوور، کۆشکی سوور، دەریای سپی ناوەڕاست، ماڵی سپی، دۆڵی سپی، چاوی سەوز، کۆشکی سپی ئەمریکا...هتد،(١٤) هەروەها لەکوردستانیش چەندەها شوێن بە ڕەنگ ناونراوە لەوانە: (گوندی ڕەشکێن، گوندی قەراتە سۆر، گوندی کانی سپی، .....هتد) هەروەها هەندێ لەکەسایەتییەکان بەناوهێنانی ڕەنگەکانیان دەناسرێنەوە.

بەمشێوەیە ڕەنگەکان بوون بە ناونیشانی هەندێ شوێن؛ وەکوو: ( کۆشک، دوورگە، گوند، ماڵ، ....)، هەروەها بوو بەناوی هەندێ لە دەرکەوتە سرووشتییەکانی وەک: ( دەریا، ڕووبار، چیا، ....) ڕەنگەکان بوون بەڕەمزی ناسینەوەو ناوبانگیان، بۆیە دەربڕینی ڕەنگ دەمینێتەوە بە هۆکارێکی هەرە گرنگ بۆ لەیەکگەیشتن، سەرەڕای پێدانی جوانی وشێوەکاری بە ژیانی مرۆڤەکان.

٢-٢: ئاماژەی ڕەنگ لەسەر دروستکراوەکاندا:

دروستکراوەکانی سەر ڕووی زەوی بەپێی پێویستیان ڕەنگیان جیاوازە تاوەکوو بەردەوامی هەبێت لەژیاندا، ئەمەش خوای باڵا دەستە ڕەنگی جیاوازی بە سەرجەم دروستکراوەکانی لە ( مرۆڤەکان، سروشت ( دارو بەردو چیاو ئاسمان و بەحرو ... )، گیاندارو باڵدارو خشۆک، سەوزەو میوەجات، .... هتد) بەخشیوە، هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:ﭐﱡ ﭐﲑ ﲒ ﲓ ﲔ ﲕ ﲖ ﲗ ﲘ ﲙ ﲚ ﲛ ﲜ ﲝ ﲞ ﲟ ﲠ ﲡ ﲢ ﲣ ﲤ ﲥﱠ(١٥) واتە: (( لە خەڵکیش ، لە گیانداران و ماڵاتیش، جۆرەها ڕەنگ و شێوەو قەبارەی جیاواز هەیە.....))(١٦) هەروەها پێستی بەندەکان هەندێ ڕەنگیان سپییە و هەندێکی ڕەش و هەندێکی تر سورو

هەندێکی تریش زەرد....، لەگەڵ ئەمەشدا ڕەنگی چاو و قژ... جیاوازە، هەریەکەیان ڕەنگی تایبەت بەئێمەی بەندە بەخشراوە، تۆڕی چاوەکانی وا دروستکردووە کەهەست بەجیاوازی ڕەنگەکانەوە بکەین بۆیە دەبینین چاوی مرۆڤ توانای جیاکردنەوەی 200 تا 250 ڕەنگی هەیە، بەپێی بۆچوونی زاناکان بۆ هەستکردن بە ڕەنگەکان ئەوا سێ جۆرە کۆتاییە دەمار هەیە لە تۆڕی چاودا کە ئەمانەن:

1. ئەوکۆمەڵە دەمارەی کە هەستیارن بۆ ئەو ڕەنگانەی درێژی شەپۆلەکانیان زۆرە؛ وەك: ڕەنگی سور.
2. ئەو کۆمەڵە دەمارەی کە هەستیارن بۆ ئەو ڕەنگانەی درێژی شەپۆلەکانیان مامناوەندین؛ وەك: ڕەنگی سەوز.
3. ئەو کۆمەڵە دەمارەی کە هەستیارن بۆ ئەو ڕەنگانەی درێژی شەپۆلەکانیان کورتن؛ وەك: ڕەنگی نیللی و بنەوشەیی.

هەر ڕەنگێك لە ڕەنگەکان کۆمەڵێك لەو دەمارە کۆتاییانە دەورووژێنێت؛ ئەگەر هەر سێکیان پێکەوە وروووژان ئەوا چاو هەست بە ڕووناکی سپی دەکات، بەڵام ئەگەر هیچ کامیان نەورووژان ئەوا ڕەنگەکان ڕەش دەبن. هەندێك کەسیش بە هیچ جۆرێك هەست بە ڕەنگەکان ناکەن ئەوانە تووشی نەخۆشی ڕەنگ کوێری بوون؛ هەروەها لە تاریکیدا هەستکردن بە ڕەنگەکان نامێنێت، لە ڕووناکی کەمیشدا ئەو هەستکردنە کەم دەبێت بە تایبەتی بۆ هەردوو ڕەنگی سور

و سەوز.[١٧] واتە ڕەنگ پێویستییەکی تایبەتە بە ژیان بە نەمانی ژیان ڕەش و سپی دەبێت.

لە قورئانی پیرۆزیشدا خوای گەورە ئاماژەی بە ڕەنگ کردووەو جوانی گەردوونمان بەڕەنگە جوانیەکانەوە بۆ دروست کردوین؛ کە دەفەرمووێت: ﱡﭐ ﱐ ﱑ ﱒ ﱓ ﱔ ﱕ ﱖ ﱗ ﱘ ﱙ ﱚ ﱛ ﱜ ﱝ ﱞ ﱟ ﱠ ﱡ ﱢ ﱣ ﱤ ﱥ ﱦ ﱧ ﱨ ﱩ ﱪ ﱠ[١٨] واتە: (( ئایا سەرنجت نەداوە کە بەڕاستی خوا لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە، جا ئێمە بەو بارانە جۆرەها بەروبوومی جیاوازمان دەرهێنا کە (ڕەنگیان، قەبارەیان، تامیان، بۆنیان، شێوەیان، شوێنیان، وەرزیان) جیاوازە. هەروەها هەندێ لە کەژو کێوەکانمان بە زنجیرە کێشاوە، هەیانە چین و هێڵ و نەخشی سپی و سوورەو ئەوانی تریش ڕەنگیان جیاوازە، هەشیانە ڕەشێکی تاریک و تۆخە))[١٩] تاوەکوو لەیەکتر جیا بکرێنەوەو بناسرێنەوە،

هەروەها ڕەنگەکان یارمەتی گیانداران دەدەن لە پەیداکردنی خۆراکی ڕۆژانەیان. واتە ئەو ڕەنگانەی لەسەر پێستی خشۆکەکان و فەروی گیانداران هەن؛ ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەردەوام بوونی ژیانی گیاندارانی زیندوو هەیە، ئەم ڕەنگانە یارمەتیان دەدەن بۆ پاراستن و حەشاردانیان لە نەیارەکانیان، سەرەڕای ئەمانەش ڕەنگەکان یارمەتیدەرن بۆ دۆزینەوەی دایک و باوکەکان و بێچووەکانیان[٢٠] واتە لەڕێگەی ڕەنگەکانەوە یەکتر دەناسنەوە.

سێیەم: ڕەنگ و شیعر:

ڕەنگ پێکهێنەرێکی گرنگە لە هۆنینەوەی شیعر، شاعیر بەپێی سروشتی ژیانی و ئەو شوێنە جوگرافیایەی لێی دەژی ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە؛ لەگەڵ ئەمەشدا (( ڕەنگ وەک چۆن ڕۆڵێکی پڕ بایەخی لە نیگارکێشاندا هەیە، بەهەمان شێوەش لە ئەدەب بەگشتی و لە شیعر بەتایبەتی کاریگەرو دیارە ))[٢١] بێگومان بەکارهێنانی هەر ڕەنگێگ لە سەردەمێک بۆ سەردەمێک و لەشاعیرێک بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕەنگ لە شیعر باس لەم لەم لایەنانە دەکەین:

١-٣: ڕەنگ لە ژینگەی شیعری کوردیدا:

ڕەنگ لەشیعردا هۆکارە بۆ دروستبوونی وێنەی جوان جوان، (( ئەدەبی ئێمەی وای لێ ڕاهێناوین کە ڕەنگەکان وەک تاقیکردنەوەی شارستانی خاوەن ناوەڕۆکی ڕەمزی وەربگرین، سوور وەک خوێن، سپی وەک جیوە، .... هتد، واتە ڕەنگەکان کاریگەریان نابێت، گەر زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانیدا نەکرێت و لایەنەکانی تر پاڵپشتی نەکەن))[٢٢]، هەر ڕەنگێک چەندین دەلالەت دەبەخشێت و بەپێی شوێنەکە دەلالەتی تایبەت بەخۆی دەگەیەنێت؛

وەک ڕەنگی سپی ڕەمزە بۆ خۆشی و جوانی مرۆڤ کە دەلالەت لە پاکی و سادەیی و میهرەبانی ئافرەت دەکەن هەروەها دەلالەتی سەرکەوتن و ئاشتی و لەگەڵ چەندین دەلالەتی تر، ناخۆشییەکەشی دەلالەتە بۆ بەرگی مردوو، هەریەکەیان بەپێی شوێنەکەی دیاری دەکرێت، (( بۆیە ڕەنگەکان و ناوهێنانیان ئیحای کۆمەڵێک بابەت لای وەرگر دەورووژێنن و هەر ڕەنگێک چەندین دەلالەت دەبەخشێت، جگە لە داهێنانی شاعیران لەمامەڵەکردنی تایبەتیان لەگەڵ ڕەنگەکاندا ))[٢٣] هەر شاعیرەو بەپێی ویست و هەست و نەستی خۆی ڕەنگەکان لەشیعرەکانی بەپێدانی دەلالەتە بارکراوەکان بە وەرگر دەبەخشن، بێگومان بەمەبەستی تایبەت ڕەنگەکان بەکاردەهێنرێت.

شاعیران بەشێوە ئەندازەی جوان ڕەنگ لەدێڕە شیعرەکانیان دەنەخشێنن بەپێی ئەو ژینگەیەی کە تیایدا گوزەر دەکەن، واتە ((دەشێ ڕەنگ لە شوێنێکی تایبەتیدا بیرهێنەرەوەی بابەتێک بێ، هەر کۆمەڵێکیش بە گونجانی لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکەی خۆی دەکرێ حەزی لە ڕەنگێک یان چەند ڕەنگێک بێت))(٢٤) واتە بە گونجانی بارودخەکانیش ئارەزووی شاعیران لە بەکارهێنانی ڕەنگەکان لە نێو شیعرەکانیان دەگۆڕێت بەمەش دەلالەتی ڕەنگەکانیش دەگۆڕێت.

٢-٣: تێگەیشتنی شاعیر بۆ ڕەنگ:

ڕەنگ لەلای شاعیران هەڵگری ئاماژەی جیایە وەک بەهێزی، بەردەوامی، زاڵ بوون، ...... هتد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وا ڕەنگ ئاماژەیەکە لە ئاماژەکانی جێگیربوونی باری دەروونی لە دۆخێک بۆ دۆخێکی ترو گۆڕانکاری شوێن ونوێبوونەوە.

بەمشێوەیە شاعیر دەتوانی وێنەی تەنەکانی ڕابردوو بکێشێت و بەپێی ویست و حەزی خۆی ڕەنگ بەتەنەکان ببەخشێت جیاواز لەوەی کە دەبینرێ و دەناسرێ، وەک وێنەکێشانی دارەکان بە ڕەنگی ڕەش یان هەر ڕەنگێکی تر کەخۆی مەبەستیەتی واتاکەی پێی بگەیەنێت، هەر ئەمەشە فەرهەنگی زمانی شاعیر فراوانتر و دەوڵەمەند دەکات، واتە ڕەنگێکی خوازراوە بەمەبەستی پێدانی دەلالەتی ویستراو لای شاعیر، بەمشێوەیە دەبێتە زمانی شاعیر.(٢٥) واتە ڕەنگ ڕەگێکە لە زمانی شاعیر؛ تەنەکان پێ وێنە دەکات و دەلالەتی نوێیان پێ دەبەخشێت.

ڕەنگ هۆکارێکە بۆ گەیاندنی بیری شاعیر و ((چەپەرێکە لە بەینی گوزارە و بیرو تەشکدا، بۆ نموونە کە دەڵێین ڕەنگی سوور گۆشەیەکە بۆ ژیانێکی تورەو خوێناوی))(٢٦) واتە ڕەنگ گەینەرەو دیوارێکە لە نێوان دەربرین و بیردا.

شاعیر لەکاتی هۆنینەوەی شیعرەکانی ( ڕەنگ و زمان و بیرو کات و شوێن ) بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەبەر ئەوەی (( شاعیر بە ناخی شتەکان شۆڕ دەبێتەوەو حالەتی دەگمەن و ورد هەڵدەبژێرێت، لە وەسف کردنیان داهێنان ئەنجام دەدات، کە وەسفەکان تام و کاریگەری ڕەنگەکان دەبەخشن))(٢٧) و هەروەسفێکیش بیرکردنەوە ڕەنگ ڕێژێکی تایبەت و نوێ بە وەرگر دەبەخشن.

کوردی شاعیریش بەپێی گەڕان و گۆڕینی شوێنەکان ڕەنگەکانی هەڵبژاردووەو دەلالەتی جیاوازو جوان و سەرنج ڕاکێشی بە شیعرەکانی بەخشیوەو ڕەنگی کردۆتە ڕێگەیەک بۆ دەربڕینی هەستەکانی.

شاعیر هەندێ ڕەنگی زیاتر بەکارهێناوە لەچاو هەندێ ڕەنگی ترو هەندێ ڕەنگیشی بەکارنەهێناوە ئەمەش وا دەکات ڕەنگێک بەسەر ڕەنگەکەی تردا زاڵ بێت؛ (( زاڵبوونی ڕەنگێکی دیاریکراویش بەندە بە لایەنەکانی ژیانی شاعیرو کۆمەڵگەکەی، بەتایبەتیش لایەنی رامیاری و کۆمەڵایەتی .... هتد))(٢٨) ئەمەش بۆ باری دەروونی شاعیر دەگەڕێتەوەو ئەو ژینگەیەی تیایدا ژیاوە لە کاتی هۆنینەوەی شیعرەکانیدا.

ڕەنگ لە شیعردا ڕۆڵی جیاواز دەبینێت، بەهۆی ناسینی وشەکانەوە گرنگترین ناسین و شیکردنەوە بە دەق دەبەخشێت و دەلالەت لەو شتگەلە دەکات کە لە بیرو هزری شاعیردا بوونیان هەیە، واتاو مەبەستە پەنگ خواردووەکانی ناخی شاعیر بە دال و مەدلوولی ڕەنگەکانەوە دەناسرێنەوە، کە بۆچی بایەخی بە ڕەنگ داوە؟ یان چۆنییەتی ئامادە سازی ڕەنگەکان لەناو چوارچێوەی بنیاتی هونەری شیعرەوە کردووە.

بەشی دووەم: دەلالەت و پەیوەندی نێوان ڕەنگ و شوێن لە شیعرەکانی (مستەفا بەگی کوردی)دا:

لە ناو دونیای تۆبوگرافیای دەقە شیعرییەکانی شاعیردا، وێنەگەلێکی هونەری یەکجار ئالۆ والای جوان و ڕەنگاو ڕەنگ دەبینرێن، کە ئیستاتیکاو چێژ بە زمانەکە دەبەخشێت. چونکە هەر دەقێکی شعری بە ئەندازەی جوانییەکەی چێژیش دەبەخشێت. بۆیەشە لە سنووری هەمان دەقدا وشەکان لە بارێکی ڕێك و پێك و پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. جا پەیوەندی نێوان ڕەنگ و شوێن لە سنووری چوارچێوەی دەق شعردا، لە دیاریکردنی هێماو ئاماژەکانی پشت ڕەنگەکانەوە، پەیوەندییەکی تۆکمەو ڕێکخراو و هەڵبژێردراوی وشەکانە.

شوێن کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر گۆڕینی مانای ڕەنگەکان و هێما و مانای جۆراو جۆر بە رۆحی ڕەنگەکانەوە دەبەخشێت.

(مستەفا بەگی کوردی) کۆمەڵێك ڕەنگی لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە، ئەمیش بە دووجۆر"

جۆرێکیان ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە ڕەنگەکان کردوە، جۆرەکەی تریشی بەهۆی هێماو ئاماژەوە واتا (دیوی دووەمی ڕەنگەکەوە) بەکارهێناوە.

یەکەم: ڕەنگە بنچینەییەکان و دەلالەتی لەشیعری شاعیردا:

ڕەنگە بنچینەییەکان بریتین لە ڕەنگەکانی (سوور، زەرد، سەوز، شین) ئەو چوار ڕەنگە سەرەکییە خەسڵەتیان ئەوەیە کە تێکەڵ نابن و سنوورێکی دیاریکراو لەنێوانیاندا هەیە، کە درێژی شەپۆڵەکانیان بەم شێوەیە:

ڕەنگی سوور درێژی شەپۆڵەکەی ٧١٢

ڕەنگی زەرد درێژی شەپۆڵەکەی ٥٧٥

ڕەنگی سەوز درێژی شەپۆڵەکەی ٥٣٥

ڕەنگی شین درێژی شەپۆڵەکەی ٤٧٥.[٢٩]

لەم ڕەنگە سەرەکییانەوە ڕەنگی تری لێ دروست دەبێت بەڵام ؛ ئەمەش بەپێ بینینی ڕەنگ و لێکدانەوەی بینایی مرۆڤە بەرامبەر جیاکردنەوەی شەبەنگەکان وناوێکە بۆ سەرجەم تیشکە بینراوەکان سوور، زەرد، سەوز، شین و ئەوانی تر، ڕەنگەکان بەگوێرەی بەرز و نزمی لەرەلەری شەپۆلی کارۆموگناتیسی جیادەکرێنەوە،[٣٠] و سەرجەم ڕەنگەکان بەرهەم دەهێنرێت، شاعیریش بەپێی باری دەروونی و ئەو سروشتەی تیایدا ژیاوە ڕەنگەکانی لەشیعرەکانیدا بەرهەم هێناوە، لەوانە:

1. ڕەنگی سوور:

ڕەنگێکی سەرەکی و بنچینەییە، هێمای خۆشەویستی و ئاماژەیە بۆ ڕۆمانسیەت.

شاعیر لە دیوانەکەیدا بە هەریەکێك لە وشەکانی (سوور، قورمزی، ئەشکی سوور، سورخ، سورچا، گولناری، ئەشکی خوێن، بەرگی خوێن، شەرارەی ئاگر، شەوقی ئاتەش و ڕووی ئاتەش...) دێڕە شیعرەکانی پێ ڕازاندۆتەوە. وەک لەم نموونانەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

(( تۆ (تیغ بە دەست )و(پەنجە بەخوێن) سوورو دڵ کوژی

لـــەونیش ثوبوتی دەعوەیە یـا (ڕاست) وەگەر (درۆ) )) (دیوانی کوردی، ب1/ ل 467) [31]

(پەنجە بە خوێن سوور)، کەلێرەدا ڕەنگی سوور ئاماژەیە بۆ بەخوێن هاتنی پەنجەی یارەوە بەو تیغەی دەستی لە کوشتنی دڵی (کوردی)دا خوێنەکەی تێوەچووە. (لەون) یش خۆی بۆ خۆی ئاماژەیە بۆڕەنگی سوورکە بەڵگەیەکە بۆ تاوانبارییەکەی یارەوە.

(( دڵـی (کوردی) کە گـرفتاری جـبەی قـرمزیـە

بۆچ دەکا مەنعی ، بە خوێنی دڵ، ئەگەر بەرگی بشۆت )) (ب1/ ل108)

(قرمزی) مەبەست ڕەنگی سوورەکە لە ناو بەندیوارەکانی تەریقەتی قادریدا باوە، شاعیریش لێرەدا پەیوەندییەکی دەروونی بە (غەوسەوە) هەبووە کەباسی جبەی سووری ئەو دەکات، کە لە ڕوانگەی دەروونیەوە دڵی پێوە گرفتارە. کەلێرەشدا بەخوێنی سووری دڵییەوە دەیهەوێت بەرگ و پۆشاکی جبەکەی بشوات.

(( هـەناسەی ئاگریـنم بێ سەبەب نابێ (زوحەل) ئاسا

کە (دەورە)ی قرمزی پۆشا تەنم وەك مەجمەرە ئەمشەو)) (ب1/ ل501 )

(دەورەی قرمزی) مەبەست لە جل و بەرگێکی سوورئاسایە، کە شاعیر لەشی بە کورەی ئاگر چواندووە، لەکاتێکدا هەناسەی ئاگرینی سووری خۆی دیسانەوە بە زوحەل چواندووە. کە ئەستێرەیەکە بە بازنەیەکی ڕووناکی ئاگرین پشتێنە دراوە.

(( بۆم تێکە فەقێ سوورچا

لـەعلی لەبی یار ئاسا

زوو تێکە بۆم دەی سا

ڕۆح هاتووە لە جەولانە )) (ب2 [32] / ل69)

سورچا یا چای سوور مەبەستی چای خەستە، (لەعل)یش لیرەدا مەبەستی گەوهەرێکی ڕەنگ ئاڵە، پەیوەندییەکی قوول هەیە لە نێوان ڕەنگی سوورو چا.

(( سەراپام غەرقی ئەشکی سوورو دڵ وا

خەریکی مەوجی دووریی لەیلە ئەمشەو )) (ب1/ ل498)

(ئەشكی سوور) مەبەست لە فرمێسكی سووری خوێنینە كە پەیوەندییەكی تەواو هەیە لە نێوان ڕەنگی سوورو فرمێسكەوە كە شوێنگەی ڕەنگەكەیە.

٢. ڕەنگی زەرد:

ئەویش یەكێكی ترە لە ڕەنگە بنچینەیی و سەرەكییەكان، نیشانەی جوانی و گەردن زەردییە، یەكێكە لە ڕەنگە پیرۆزەكان چونكە ڕووناكی بەخشە. كات دیاری دەكات وەك جۆزەردان و گەنم زەرد بوون و زەردی خۆرئاوا... بەشێك لە وێنە شیعرییەكانی شاعیر هەر لە هەڵوەرینی گەڵای زەردی پایزەوە تا هەڵاتنی زەردووی دەمەوئێوارەی ڕۆژەوە بەرجەستە دەكەن.

لە دیوانی شاعیردا ئەو ڕەنگە بە هەریەكێك لەو واتایانە بەكار هاتوون وەك (زەرد ، زەردوویی، زەردە دەردی، زەرپەرست، ڕەنگی بەی...).

((وا لە بـــۆتەی عـەشـقتا قاڵە روخی زەردم ئیتر

قەت لە خۆم ناگرم، لە كەس دەعوایی قەرزی زەڕ بكەم

ڕەنــگی زەردیش چاكە بۆكوێریی ڕەقــیب و دوشمنان

چونكە دوشمن شادەبێ، گەر خۆم گەداو مــوخطەڕبكەم )) (ب/1 ل347)

(ڕۆخی زەرد) مەبەستی تواوەی پوختە كە ڕووی خۆی كردۆتە زێڕی قاڵكراو. كەلێرەشدا پەیوەندی لە نێوان ڕەنگی زەردی شاعیرو شوێنی ڕووی شاعیرەوە هەیە، كە شوێنگەی زەردێتی ڕووی خودی خۆیەتی.

لە دێڕی دووەمیشدا (ڕەنگی زەرد) بۆتە هەوێنی بنیات نانی دروستبوونی شیعری شاعیرو مەبەست لێی بە بوونی ڕەنگ زەردویی ئەو كوێری دوژمنان چاك دەبێتەوە.

(( گەواهی لافی عـەشقی تۆیە قوربان

سوروشكی سورخ وڕەنگی زەردم ئەمرۆ )) (ب/1 ل 472)

(سوروشكی سورخ) و (ڕەنگی زەرد) كە مەبەست لە تابلۆیەكی سورو زەردە بە یەكەوە، كەلە فرمێسكی سورو ڕەنگ زەردێتی شاعیرەوە هاتوونەتە كایەوە، ئەمەش بە هۆی شایەتیدان بە خۆبەزلزانین و خۆ هەڵكشانی عەشقی یارەوەبیە.

(( (هـجری) كە بریندارە

ڕەنگ زەردو خەفەتبارە

بـــێ چاییە بێ چارە

ســینەو دڵـی بـریانە ))(ب/2 ل70)

(ڕەنگ زەردی) خەفەتباری شاعیرلێرەدا لە بێ چارەیی بێ (چا)ییەوە هاتوونەتە بوون.

(( زەردوویی و گــۆ وبـازن، گوستیلكەوبازی بەند

قــوربان وبەڵا گــەردی، پەنجەو مەچەك و باڵت )) (ب/1 ل71)

(زەردوویی) جۆرە بەردێكی بەنرخە، ڕەنگی زەردە لە خشڵی ژنان و بازنگ و تەزبیحی لێ دەكرێ بۆ مل، شاعیر لێرەدا سوودی لێ بینیووەو ئەو دێڕەی لێ سازداوە.

(( ئـەهلی تـەقـوا لیرە بۆگەردش، ئەگەر بوونە هەوێن

(زەرپەرست)، (لەملا)ن و شیعەی گێرە شێوێنیش لەوێن )) (ب/1 ل427)

لێرەدا (زەرپەرست) بە واتای زێڕ پەرست دێت، كە دەكرێ مەبەستی سووننە بێ لەبەرەی عوسمانی و شیعەش لەبەری عەجەم و سەفەوییەكان.

(( زەردی دەردی تۆیە (كوردی) و پێی دەڵێی بێنە بەهێ

وەخــتی بەی كوا؟ بەسیەتی ئەم بیانووە ئەی ماهڕوو)) (ب/1 ل479)

(زەردی دەردی) مەبەست لێی ڕەنگی زەردێتی شاعیرە كە دەردەداری زەردوویی ڕەنگی زەرد بۆ دیدەنی یارەكەی كە دەشێ ناوی (بەهێ) بێ بە ڕووی مانگی چواندووە. دەشێت مەبەست لە ڕەنگی زەردی (بەی – بەهێ) بێ كە جۆرێكە لە میوەجات.

(( وەك گـــوڵ جگەربە خوێنم و وەك لالە دڵ بەداغ

بۆ سیبی ڕووت، شەقائیقی رووم ڕەنگی بوو بە بەی )) (ب2 / ل256)

(جگەر بە خوێن) مەبەست لێی سووری گوڵە کە خۆی پێ چواندووە. هەروەها (لالە دڵ بە داغ) مەبەست لەوەش (گوڵاڵە) یە ، کە ئەویش خاڵێکی ڕەش لە ناوەراستی ئەم گوڵالەیەدا هەیە دیسانەوە خۆی بەوەش چواندووە.

(شەقائیقی رووم ڕەنگی بوو بە بەی) لێرەشدا شەقائیق کە جۆرە گوڵێکی بەهاری ڕەنگ سووری جوانە، (کوردی) لە داخی دووری رووی یارەوە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە وەکو زەردی میوەی بەی بەمێی لێهاتووە، لە سوورێتی شەقائیقی گوڵی بەهارەوە گۆردراوە بۆ زەردێتی بەی. دەتوانین بڵێین (کوردی) شاعیر، زۆر وەستایانە، یاری بە ڕەنگەکانەوە کردووە، بۆ ئەم مەبەست و مەرامەی کە ویستوویەتی ڕەنگەکانی بەکارهێناون.

٣. ڕەنگی سەوز- سەبز:

ئەو ڕەنگەش ڕەنگێکی سەرەکییە، نیشانەی بەردەوامی ژیانە. هێمای جوانی و خۆشیەکانی بەهارەو نیشانەی نوێبوونەوەیە، ئەم ڕەنگە لە سروشتەوە نزیکەو گەردوون و هیواوئاوات بەخشە، هەربەکێك لە وشەکانی (سەبزو سەوز)ی بۆ بەکارهاتووە.

(( ئەســمەرە، لاغیر تەنە، بـاڵا میانە، کـەچ وکولاه

سوخمە سەبزە، مەیتەن ئاڵە، چاوخومار، ئەبرۆ کەمان )) (ب1/ ل392)

(ئەسمەر) لێرەدا گوزارشت و دەلالەت لە گەنم ڕەنگی مەیلەوسەوزی دەکات.

(سوخمە سەبزە) بەرگێکی خۆجێی کوردانەیە، پۆشاکێکە یان قۆڵدارە یان بێ قۆڵە .

(( بە خەطی سەبزی رەیحانی و جەماڵی ئاتەشین ڕەنگی

فـــرۆغی (حوسن) و، ئیعجازی خەلیلی ئازەرە ئەمشەو )) (ب1/ ل501)

(خەطی سەبز) دەلالەت لە خەتی روومەت دەکات، لە لێرەدا مەبەست لێی لە گەندە مووی ریش و سمێڵ و ڕووی ئافرەتە، (رەیحان)یش هەمان گوزارشت بۆ ڕەنگی سەوز دەکات.

(( دێ بەتاو ئەشکی دوو چاوم هەروەکو (نیل) و (فوڕات)

مەزرەعەی غەم سەبزو دڵ تێراو دەکەن ئەم دوو شەتە )) (ب1/ ل544)

فرمێسکی چاوی چواندووە بە هەردوو رووباری نیل لە مسیرو فوڕات لە عیراقدا. کەلێرەشدا ئەم دوو رووبارە (مەزرەعەی غەم سەبزە) واتە کشتوکاڵی غەم، کە غەمی بە کێڵگە کردووە سەوزو شین بووە لە جوان رواوی و تێراویدا.

(( بە بـەرگی خونچەییدا، سەبزە پۆشـە

بە حوسنی خۆی، وەکوگوڵ، خـۆفرۆشـە )) (ب1/ ل605)

لە سروشتی گوڵزارو بەهاردا (یار) لە توێکڵ و بەرگی سەوزی دەوری خونجەوە دروستکراین و هەمان بەرگی پۆشیێ.

٤. ڕەنگی شین:

ئەم ڕەنگەش سەرەکیەو جوانی سروشت و دەریاو ئاسمان بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات پەیوەستە بە ئاو و ئاشتییەوە، ڕەنگی ڕێز لە خۆگرتنە. ئەم ڕەنگە لە شعری شاعیردا بۆتە هەوێن و سەرچاوەی بنیاتی دروستبوونی چەندین وێنەی شیعری.

(( تەرحی چـون رووبایی پیرو چاوی وەك هی کوێرە مار

پــرچی کـلکی کـەمتیارو لۆچی لاچاوچرچ وشین )) (ب1/ ل 418)

(چرچ و شین ) مەبەست لە تێکچونی رووخسارە، کە لۆچی وچرچی دەگەیەنێت.

(( لــە وێرانەی دەروونم، شینە بێ تۆ

ئیتر گوڵزاری دڵ، کەی شینە بێ تۆ )) (ب1/ ل448)

ڕەنگی شین ، لێرەدا بۆ دوو مەبەست بەکارهێنراوە، کە رەگەزدۆزی تەواو لەو دوو وشەیەدا دەرکی پێدەکرێ. لە یەکەمیاندا (شین) بەواتای، شیوەن و شین وزارو گریانەوە دێ. لەدووەمیشیاندا (شین) بەواتای، شین بوونەوە گەشاوەیی و سەوزی ڕەنگی گوڵزارەوە دێت. واتە گەشاوە دڵ.

* زۆری و کەمی ڕەنگە بەکارهاتووە سەرەکییەکان لەلای (مستەفا بەگی کوردی) شاعیرلەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە:




دووەم: ڕەنگە لاوەکییەکان و دەلالەتی لەشیعری شاعیردا:

ڕەنگە لاوەکییەکان لەئەنجامی ئاوێزانبونی ڕەنگە سەرەکییەکانەوە دروست دەبێت؛ چۆنیەتی دروستبوونیشی بەهۆی ئەو ڕووناکییە سپییە کە لە هەموو درێژە شەپۆلەکانی ڕووناکی بینراو پێکهاتووە. ڕەنگی ماددەیەکی دیاریکراویش کاتێک دەردەکەوێت کە ئەو ماددەیە هەموو شەپۆلەکانی دیکەی ڕووناکییە سپییەکە دەمژێ و تەنیا ڕەنگی دیاریکراوی خۆی دەداتەوە، بۆیە ئێمە بە ڕەنگی دیاریکراو دەی بینین.[33] وەک: ڕەنگی ( ڕەش، سپی، مۆر، نارنجی (پرتوقاڵی)، قاوەیی، پەمەیی، ڕەساسی، خۆڵەمێشی، .... هتد )، بەنەمانی ڕووناکیش سەرجەم تەنکان دەبن بە ڕەنگی ڕەش؛ لێرەشدا دەلالەتی ئەو ڕەنگە لاوەکییانە باس دەکەین کە وا شاعیر لەشیعرەکانیدا بەکاریهێناون؛ لەوانە:

١. ڕەنگی ڕەش:

ئەمەش ڕەنگێکی بەرچاو و لاوەکی تاڕادەیەک سەرەکییە، هێمایەکە بۆ ڕەشبینی و مردن و کۆتاپێنان، بۆ ناخۆشی بەکاردەهێنرێ، ئەم ڕەنگە دەلالەت لە زوڵم و چەوسانەوە و خەم و خەفەت دەکات، زۆرجار سیمبولی کەسی ئاشق و تەنیاکانە. یان کۆدی نهێنی کەسانی دوورە پەرێزە. ڕەنگی ڕەش لە حەوت ڕەنگی بنەرەتی کۆلکە زێرینە نییەو هیچ ڕووناکییەك نابەخشێ بە چاو و هەموو ڕەنگەکان لە خۆیدا دەمژێت. ئەم ڕەنگە، پانتاییەکی فراوانی لە دنیای وێنەو شیعرەکانی شاعیردا گرتووەو بە هەر یەکێك لە پەیڤەکانی (ڕەش ، سیا ، سیاە، سیاوەش، سیاڕوو، سیامال، تار، ڕەژوو، زوخال، هیندوش، ئەسمەر ، گیسوو، کل ساو، دەیجور و کوێرو نابینایی...) دێت.

* ڕەش:

(( ڕۆیی دڵی مەحزوونم، داخم ئەوە نەمزانی

دووچاوی ڕەشت بردی یا زولفی پەرێشانت؟ )) (ب1 / ل٨٢)

(ڕەش) لێرەدا هێمایە بۆ ڕەشێتی چاوی یارەوە، شوێن لەم دێڕەدا ڕۆڵی لە دیاریکردنی هێماکانی پشت ڕەشەوە دەردەکەوێت، کە شوێنەکەی هەردوو چاوی ڕووخساری یارە.

* ڕووڕەش:

(( مــحەللی سەجدەگاهم خاکی بەر دەرگانەکەی تۆیە
رەقیب ڕووی ڕەش بێ، ناهێڵێ بگا دەستم بە دامانت )) (ب1/ ل104)
(ڕووڕەش) هێمایە بۆ شەرمەزاری و ستەمی دوژمن کە بێگومان لە پشتی واتای ڕەنگی ڕەشەوە دەردەکەوێت و شوێنیش لێرەدا ڕووخساری ڕەشی دوژمن و نەیارانی شاعیرە.

* زاغی ڕەش:

(( دەم دەمی گورگ و یەکانە، دان و دڵ وەك زاغی ڕەش
صــــاحیبی بوختان و دوو نان وەك عەزازیلی لەعین )) (ب1/ ل418)
(زاغی ڕەش) مەبەست لێی قەلەڕەشە، کە دڵی هەروەك سیاهی زاغی ڕەشە. لە شێوەی گورگ و نێرە بەراز دەچێت، شاعیر لێرەدا هەجووی پیرەژنێك دەکات و بە مشێوەیەی وەسف دەکات.

* زولفی سیا:

(( ئەمشەو خەیاڵی زولفی سیات هاتە خاطرم
بێچارە، (مار گەزیدە) دڵ زامی هاتە سـۆ )) (ب1/ ل467)
(زولفی سیا) مەبەست زولفی ڕەشی یارە کە لە شەودا خەیاڵی بیرلێکردنەوەی لێکردووە، لێرەشدا پەیوەندیەك هەیە لەنێوان ڕەنگی ڕەش و شوێنی مەبەست کە زولفی یارە.

* سیاوەش:

(( وتــم قوربان چییە مایل بە جەنگی
وتی ماددەی (سیاوەش) و (پەشەنگ) ﻫ )) (ب2/ ل47)
سیاوەش کە بەمانای سیاوەحش دێت، کە لێرەشدا مەبەست مەسەلەکەی سیاوەحشی ئێران و پەشەنگی تۆرانی تورك بووە، کە سیاوەحشی کووشتوە لە یەکێك لە جەنگە کۆنەکانی نێوانیان.

* سیاماڵ:

(( لــە دەشتی (شارەزوور)ی دڵ، سیاماڵی غەمم هەڵدا
بەهەستوونەو چەڵەی ئاهم، مەگەر ئەم ماڵە وەستابێ )) (ب2/ ل 103)
(ســـیاماڵ) مەبەست لێرەدا ڕەشماڵە.

* شەوی تار:

(( زەمـــانە ڕۆژی کردینە شەوی تار
صەفای (ئەستانە) و (تاران)ﻫ ئەمشەو )) (ب1/ ل521)
(شەوی تار) مەبەست لێی زەمەن و شەوگاری ڕەشی ئەوسای شاری سلێمانییە کە لە کاتی بیابانەکاندا هاوپەیمانێتی لە نێوان هەردوو پایتەختی ئەستانە ئەستەمبولی ئەوساو تارانی پایتەختی ئەوسای قاجاری عەجەمی ئێرانە بۆ لە ناو بردنی بابان دروست بوو. لێرەشدا مەبەست لە ڕۆژگاری بەدبەخت و چارەڕەش بووکە ڕۆژگاری ڕووناکی گۆڕی بۆ شەوی تاریك.

(( شـــەوی تـــارو درێـــژ چارە تاڵە
کە (کوردی) وێڵەکەی دوجەیلە ئەمشەو)) (ب1 / ل498)
(شەوی تارو درێژ) مەبەست لە ئەو شەوەیە کە لە سەردەمی ڕووخانی باباندا بە بەخت ڕەشی و تاڵی بەسەریانبرد.

* هیندووش:

(( هات جەیشی خەط ئەصەفحەیی ڕووت، ماڵی کاولم
هیندووش طەماعی کردووە لە تەسخیری مەلکی ڕەی )) (ب٢/ ل256)
(هیندووش) مەبەست لە تووکی ڕەشی ریش و سمێڵی سالی ساحێبقرانە کە خەتو ختوتی لەڕوودا گرتووە.

* زوخال:

(( تاکەی ئەم جەورو جەفایەت چاو خومارەی سوخمە ئاڵ؟

دڵ لە هیجرو فیرقەتت سووتاوە، ڕەش بوو، وەك زوخاڵ )) (ب/1 ل271)

(زوخاڵ = خەڵووز= ڕەژوو) ئەو کاتە ڕەنگی ڕەش دەبێت کاتێك دار دەسووتێ و گڕوتین، جوانی و زیندوویی لەناو دەبات. بۆیە لێرەشدا (کوردی) بەهۆی دابران و لێکجیابوونەوەی لە یارەوە، (دڵ)ی چواندووە بە خەلووز و هەروەك ئەو لە سووتاویدا ڕەنگی ڕەش بووەو بەرەو فەوتان و لە ناوچوون دەچێت.

* ئەسمەر:

(( دڵ بە (مجبووب)ی مـەدە (مەشـاطەگەر) بێ وحیلە باز

ئەسمەرو قەد عەرعەر و خونخوارو چاو بە خومار نەبێ )) (ب/2 ل111)

(ئەسمەر) کە گوزارشتە لە ڕەنگ مەیلەو ڕەشی یان گەنم ڕەنگی یارەوە، کە لێرەشدا (مەشاطەگەران) کە ئافرەتان ئارایشت دەکەن لە فێڵ و تەلەکەبازیدا شارەزان و دەتوانن دڵی پیاوان بۆلای ئافرەتان رابکێشن.

* گێسوو:

(( حـەلقە دەن یاران بلا ئاشوفتە بەخت و تیرە دڵ

ڕۆژگاردونیای لە ئێمە کردە گێسووی دولبەران )) (ب/١ ل397)

(گێسوو) کە بە مانای زولفی یارانەوە دێت، لێرەشدا بە واتای ڕەنگی ڕەش دێت. (زولفی دولبەرانیش) لێرەدا کە مەبەستی لە ڕەش و لوولی و پێکاچوویەتی کە وەك بەختی ئەوان ڕەش و شێواو و ئاشوفتە.

* کل ساو:

(( لێی دەپرسم، بۆچی (کل ساو)ە موژەو ئەبرۆت؟ دەڵێ:

تیغ و تـیر ژەهـراو دەدەم تا هەر بە ناسۆر بن برین )) (ب/1 ل423)

(کل) کە جۆرە گڵێکی ڕەشی بریقەداری کانزاییەو بۆ ڕەشکردنی برژانگو پێڵوی چاو گەورەکردن بەکاردێت. (کل ساو) گڵێکە لە سەحرای سینا زۆرەو شاعیر رووی دەمی لەیاردەکات و پێی دەڵێت بۆچی موچەو ئەبرۆت کل ساو دەدەی لە ڕەشێتێدا..

* دەیجوور:

(( شـــەوی یەڵدایە، یا دەیجورە ئەمشەو

کە دیدەم دوورلەتۆ بێ نوورە ئەمشەو )) (ب/1 ل483)

(دیجوور) دەلالەت لە شەوی زۆر تاریك و بێ نوور دەکات، کەلێرەشدا مەبەست لە شەوی یەڵدایە کە دواشەوی وەرزی پایزەو درێژترین شەوە.

(( لە صوبحی، عید وشەوقی مانگەشەو، ئاخ

لە بـــەختی من وەها دەیجوورە ئەمشەو )) (ب/1 ل491)

(دەیجوور) کە بە واتای تاریك و نووتەك هاتووە، شاعیر لێرەدا لەو پەری رووناکی و تیشکی بەیانی جەژنەوە بێ ئومێد بووەو بەختی خۆی لەم جەژنەدا ڕەش و ناهەمواردیووە لە تاریکیدا ژیاوە لەبەردووری لەیارەوە .

٢. ڕەنگی سپی:

ئەوەشیان یەکێکی ترە لەڕەنگە لاوەکییە کاریگەرییەکان کە بە واتای ئاشتی و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانییەوە دێت و هێمایەکە بۆ رووناکی ... لە شیعرەکانی شاعیردا بەهەریەکێك لە پەیڤەکانی (سپی، سمین و زیو دوورو ئاق) هوە هاتووە.

* سپی:

(( هێندە بە تاوهات خوێنی مەقتولان لەموژگانی سیات

ئـــەسپەکەی جاران سپی بوو، ئیستە ڕەنگی قرمزە )) (ب/1 ل59٥)

لەم دێڕەدا جوانکارییەکەی لەوەدایە کە هەرسێ ڕەنگی (ڕەش و سپی و سوور)ی زۆر بە وەستایانە بەکارهێناوە، هێندە بە خوور بوو خوێنی کوژراوان بەهۆی تیژی برژانگەوە ڕەشەکانی یارەوە، لە خوێنی سووری کوژراوان دەچوو. (ئەسپەکە) واتا سوخمەکەی جاران ڕەنگی سپی بوو، کە ئێستاکە ڕەنگی سووری گرتووە.

* ئاق:

(( بۆگەڕانی ئاشی دڵ فرمێسکی چاو (ئاق دەنز)ە

غـەیری هیـجران و بەڵا، ئەصلا بەمن نادا مزە )) (ب1/ ل 595)

(ئاق= سپی)، (دەنیز= دەریا) کە لێرەدا مەبەست لە دەریای سپییە. کە دەلالەت لەوە دەکات شاعیر ئاشەوانەو بۆ گەڕان و سووڕان و بەگەڕخستنی ئاشی دڵی، فرمێسکی چاوی بە دەریای سپی چواندووە، کە ئەوەندەی پێویست بە ئاوە بۆ ئەوەی ئاشی دڵی بەگەڕ بخرێ، بە هۆی دوری و لێکدابڕانی لە یارەوە، نەهەست بە چێژی خۆشی دەکات، نەکرێی ئاشەوانییەکەی دەست دەکەوێت.

* سمین:

(( تـەنیا کە لە خۆت دێ و بەس، لوولە و بەرەگۆ و ساجلەخ

کـــۆڵوانەی سیمین و زێــڕ بافتی قەبای ئاڵت

ئــــەو دوگمە و دۆڵابە، قـفـڵـێکی چ نـایـابـە

بۆ گەنجی گـوهەر سەنجی، زیوین و تــەڵای قــاڵـت )) (ب1/ ل71)

لە دێڕی یەکەمدا : لوولە، کە جۆرە ملوانکەیەکە لە زێڕ یان زیو دروستکراوە، (بەرەگۆ)، خشڵێکی زێڕینەو (ساجڵەخ) جۆرە قۆزاغەیەکی زەنگۆڵەی بچووکەو لە زێڕو زیو سازکراوە، (کۆڵوانە) پارچە قوماشێکی چوار گۆشەیە کە ئافرەتان لە پشتی دەکەن، دوو چەمکی لە پێش چەناگەیەوە گرێ دەدا. بە پشتیدا شۆری دەکاتەوە (قەبا)ش بە واتای کەوا دێت. (سمین) واتە زیوی کە ڕەنگی سپی نیشان دەدات و دەلالەت لە سپێتیدا دەکات. زێڕیش کە دەلالەت لە ڕەنگی زەردی دەکات.

لە دێڕی دووەمیشدا: دوگمەو دۆڵابیش دەلالەت لەو قولابە قوفلە دەکات کە گۆی تێدەخرێ و یان ڕەنگی زیوینیە یان زێڕینە، کە داوێنی سوخمەی پێ دێتەوە یەکتری. قووتی و جوانی مەمك دیارتر دەکات.

(( گوڵ بەدەن، سیمین زەقەن ، خەط یا سەمەن، فندق دەهەن

ئــەسمەرەی قەد عەرعەرەی نازو، نەزاکەت، دارەکــەم )) (ب1/ ل350)

(سمین) دەلالەت و گوزارشت لە سپێتی و ڕەنگی زیوی دەکات . (ئەسمەریش) بە پێچەوانەوە گوزارشت و دەلالەت لە ڕەنگی ڕەشی و گەنجی دەکات. کە شاعیر سوودی لەو دوو جۆرە وەرگرتووە.

* دووڕ:

((وەك دووڕ و عەقیق نەخشە، دندان و لەبی ئاڵت

هەروەك (بەڕەزا) پەخشە، ئەگریجە لەسەر شانت )) (ب1/ ل82)

(دووڕ) ڕەنگەکەی سپییەکی کراوەی ئاوی ڕوون و جوان و بێگەردە، زۆر بەنرخە مۆری و خشڵەمەنی لێ دروست دەکرێت. لێرەشدا مەبەستی ئەوەیە کە ئەم دوڕە جوانە لە ددان و لەبی ئاڵی خۆشەویستێك و یارەکەیەوە دەچێت. (عەقیق)یش بەواتای یاقووت دێت کەدیسانەوە ددان و لەبی ئاڵی یاری پێ چواندووە.

٣. ڕەنگی مۆر:

ئەوەش یەکێکی ترە لەو ڕەنگانەی کە ناسەرەکییە، هێمای دەسەڵاتداریتی نیشان دەدات، هەر لە کۆنەوە پاشاکان ئەو ڕەنگەیان بەکار هێناوەو پۆشیویانە بە ڕەنگی بنەوشەیش دێت هەندێك جار کە ئەو ڕەنگەش تاریکە و شەوق هەڵدەمژێ شاعیر جگە لەو ناوە ڕەنگی (بنۆش و ڕەیحان)یشی لە شیعرەکانیدا بەکار هێناوە.

(( بـەهاری گوڵشەنی حوسن و جەماڵە

بە سوخمەی سەبزو نیم تانی بنۆشی )) (ب2/ ل174)

لێرەدا (بنۆش) دەلالەت لە ڕەنگی مۆر یا بنەوشەیی دەكات ، ((ناوی جۆرە قوماشێكی تایبەتە كە (بنۆش)ی پێ وتراوە لە ئاوریشم كە مۆر بووایە، بە جۆرە خامەیەكیش دەوترێت كە لە ڕەنگی بنەوشەیە))[34]. شاعیر هەردوو ڕەنگی (سەوزو مۆری) لە گوڵزاری بەهاردا تێكەڵ سروشت كردووە كە سەوزی بە سوخمە داوە و مۆریشی بە كورتەك داوە لە باڵای سروشتدا.

(( بـە خـەطـی سـەبزی ڕەیحانی وجەماڵی ئاتەشین ڕەنگی

فــرۆغی (حـــوسن) و ئیعجازی خەلیلی ئازەرە ئەمشەو )) (ب1/ ل501)

(خەططی سەبز)مەبەست لێ خەتی ڕوومەتی ئافرەتە كە گەندەمووی ڕیش و سمێڵی ڕوویەتی (ڕەیحان)یش كەڕووەكێكی ڕەشی وەنەوشەیی مەیلەو سەوزە، كەلێرەشدا مەبەست لە روخساری یارە.

دواتر بەردەوام دەبێت و دیسانەوە دەڵێت:

(( چ حاصل ؟ موهرەیی بەختم دوو شەش بێنێ ئەمێستاكە

كەداشی دڵ لە خانەی دەرد و هیجرا شەشدەرە ئەمشەو )) (ب1/ ل501)

(موهرەیی بەخت) دەلالەت و مەبەست لە مۆری بەخت دەكات، كەلێرەشدا موهرە بەواتای مۆر دێت.

(( دەست ئەوا دێنم و دەبەم یارم كەنێزم لێ بدا

مۆر دەبێتوو پێم دەڵێ: لێم لادە، رۆڵە ئێمە نین )) (ب1/ ل423)

لێرەدا (مۆربوون)بە واتا و دەلالەتی تێڕامان و بەرق سەیركردن و مورچ و مۆنی دێت.

٤. ڕەنگی نارنجی- پرتەقاڵی:

ئەمەش ڕەنگێكی تری نابنچینەییە و شاعیر بە ناراستەوخۆیی بەكاری هێناوە:

(( كەوا دارایی، زەڕ كورتەك، كەمەرچین، جببە گوڵناری

كڵاو لار،چاوخومار، شیرین سوار، خاڵ موشكی تاتاری )) ( ب2/ ل124)

(دارایی ) مەبەست لە ڕەنگێكی نارنجی تەڵخی لێڵە، ئەوەش ڕەنگی ئەو (كەوا)یەیە كە شاعیر ناوی بردووە، مەبەست لە ((ئەحمەد بەگی كوری مەحمود ئاغای شیوەكەڵە))[35].

٥. ڕەنگی حەنەیی- خەنەیی:

ئەمەش ڕەنگێكی ترە لە ڕەنگە ناسەرەكی و نابنچینەییەكان، خەنە ((ناوی تۆزێكە بۆ ڕەنگكردن لە كوردستاندا، ئەو تۆزە هاردراوە یا كوتراوەی گەڵای ڕووەكێكە لە (الحنائیات)ەكان.. ڕوەكێكی نیمچە درەختی جوان و گوڵی سپی بە تۆپەڵێ (هێشوویی) ئەگرێت گەڵای ئەو ڕووەكە ئەهاردرێ و بەوشككراوی دەبێتە تۆزێكی ڕەنگ كەسك))[36] شاعیر چەندین وێنەی هونەری لەم جۆرە ڕەنگە بەرجەستە كردووە.

(( پەنجەت لە حەنا مەگرە، سوورێكی تەڵخ ڕەنگە

خـــوێنی دڵــی من ئاڵە بیكە خەنە بەندانت )) (ب1/ ل82)

(حەنا-خەنە) لێرەدا وەكو ڕەنگێكی سووری تەڵخ بەكارهاتووەو كە شوێنی ڕەنگەكەش پەنجەی دەستی یارە.

(( حەنایی ڕەنگی ڕەنگ تەڵخە، بە ڕەنگێ ڕەنگی گوڵ نادا

وەرە ڕەنگ كە بە خوێنی ئاڵی دڵ ئەنگوشتی ڕەنگینت )) (ب1/ ل123)

ڕەنگی حەنایی واتە خەنەیی كە بە ڕەنگی تەڵخ چواندووە، كە تەڵخ لێرەدا بە واتای ڕەشباودێ یان بە ڕەنگی سوری نارنجی و ڕەنگی گوڵی هەناری دێت.

* زۆری وكەمی ڕەنگە بەكارهاتووە لاوەكییەكان لەلای (مستەفا بەگی كوردی) شاعیر لەم وێنەیەدا ڕوونكراوەتەوە:




سێیەم: هارمۆنیای ڕەنگەکان و دەلالەتی لای شاعیر:

تێکەڵاوکردن و ئاوێزانبوونی هەندێك ڕەنگ لەگەڵ یەکتریدا، یان چۆنیەتی واتا و مەبەستە پەنگخواردووەکانی ناوەوەی شاعیران، بە شتێك کە دال و مەدلوولی شیعرەکان دەناسێنن، لێرەشدا بە پێویستی دەزانین چەند جۆرێك لەم ڕەنگرێژییە بخەینە بەرچاو:

١. سەد ڕەنگی: تێکەڵکردنی دونیایەک ڕەنگە بۆخۆی.

(( هەتا من بێ هەوا تربووم بەصەد ڕەنگ

لـە دەرحـەق من زیـاتربوو هـەواتان )) (ب/1 ل360)

(سەد ڕەنگ) لێرەدا وەکو ئالەتی مۆسیقا و هارمۆنیای مۆسیقی تێکەڵ و ئاوێتە و ئاوێزانی سەد ڕەنگە موسیقین، کە بەرامبەر بە (هەوا) ی فیزو لووت بەرزی دێت.

٢. پرڕەنگ: بەکارهێنانی هەمە جۆرییە لە ڕەنگدا.

(( ئـەگـەرمەیلت لە چایە

تـەعـریـفی لـەلام وایە

شیرین، پرڕەنگ و مایە

نـەزهـەتدەری ڕۆحـانە )) (ب/2 ل69)

(پرڕەنگ)ی دەلالەتە لە ڕەنگی چایەی کە زیاترلە یەك ڕەنگ خۆی نیشان دەدات.

3. ڕەنگین: بەکارهێنانی زیاترلە ڕەنگێك لە شیعردا.

(( ڕەنگینە بە گـوڵ دونیا، وەك خـوێنی شـەهیدانت

(کوردی)یش بکە قوربانی، (بەم جەژنە) لە زیندانت )) (ب/1 ل82)

(ڕەنگین) کە گوزارشت بۆزیاترلە یەك ڕەنگ دەکات، ئاڵووالأیی ڕەنگاوڕەنگی گوڵەکانە لە دونیای سروشتدا.

(( ڕەنگی گوڵ، جانا وەکو ڕوخسارەکەت ڕەنگین نییە

شەککەری میصری وەکو گوفتارەکەت شیرین نییە )) (ب/2 ل93)

شاعیر ڕوخساری یاری بە ڕەنگینی و ڕەنگاوڕەنگی نیشانداوە کە هەڵگری زیاترلە ڕەنگێکە.

٤. سێ ڕەنگی: بەکارهێنانی زیاتر لە دوو ڕەنگە لە شیعردا.

(( لە ئـەشك و ئاهی سەردم ئایینەی دڵ

قوربان: سوورو رەشەو ڕەنگینە بێ تۆ )) (ب1/ ل448)

(سوورو رەش و ڕەنگین) تێکەڵکردنی زیاتر لە ڕەنگێکن بۆ بنیاتنانی وێنەیەکی هونەریدا.

(( هێند بەتاوهات خوێنی مەقتوولان لە موژگانی سیات

ئەســپەکەت جاران سپی بوو، ئێستە ڕەنگی قرمزە )) (ب1/ ل595)

ڕەنگی (رەش و سپی و سوور) ئەو ڕەنگانەن کە لەم تابلۆڕەنگینە هونەرییەدا بەرجەستە بوون.

5. دووڕەنگی: بەکارهێنان و تێکەڵکردنی دوو ڕەنگە.

(( نەشئەی فیراقی تۆیە کورەی سەخمە قرمزی

والــی وبە بارم و، ڕەنگ زەردو سینە چاك )) (ب1/ ل264)

هەر یەکێك لە ڕەنگەکانی (قرمزی –سور –زەرد) بۆ بنیاتی ئەو وێنە هونەرییە بەکارهاتوون کە مەبەستیش لە سوخمەی قرمزی ڕەنگی سوخمەکەی عەزیز بەگی بابانە.

(( حەریری زەردو سووری ڕەنگ و ئەشکم

مـەتـای کاروانی غـەمبارانە ئەمشەو )) (ب1/ ل530)

(زەردو سور) دوو ڕەنگن تێکەڵ ئەم دێڕە کراون، کە مەبەست لە زەردی ڕەنگ و سوری فرمێسك دەگەیەنێت کە ڕەنگ و رووی ئاوریشم ئاسان.

٦. سێوەنگی: تێکەڵکێشی دوو وشە بە یەکەوە.

(( با لە شەرتی بادە، مەرد ئەفگەن بێ ساقی نەوجوان

دیدە سێوەنگی و کڵاو کەچ کاتو دوگمەیی سینە واز )) (ب1/ ل157)

(سێوەنگی) لە هەردوو وشەی (سیياه- نیگا- رەش- روانین )پێکهاتووە کە مەبەست لێی روانینی چاوی رەش و ئەبرۆی پەیوەست بە یارە.

٧. بێ ڕەنگی – بێ نوور:

(( لە دووری (توتیا)ی خاکی قەدەمگات ، دیدە بێ نوورە

لە تـینوویـتی لە بی لەعلت دڵـی دێوانە مەخمورە )) (ب1/ ل587)

(بێ نوور)ە مەبەست لێرەدا دیدەگاهی چاو بێ نور و بێ ڕووناکییە و هێزی بینینی چاوە.

٨. ڕووی گوڵڕەنگ:

(( تا، کە لـێم دووری خــەطی رەیحانی ڕووی گوڵڕەنگی تۆ

کوێر بم ئەر بێم سەیری رەیحانەوگوڵی شەست پەڕبکەم )) (ب1/ ل347)

(رەیحان) رووەکێکی ڕەنگ رەش و مۆر یا سەوزە، مەبەست گەندەمووی رووە.

(شەست پەر) گوڵێکی خەنەیی زەردو سوورە و مەبەست لێی ڕووی گوڵڕەنگە.

٩. ڕەنگی گوڵبەهار:

(( لەسەرد مەیلی مەحبووبە ئـەمێستە

ضــــەعیف وزەرد ڕەنگی گوڵبەهارم )) (ب1/ ل316)

شاعیر سوودی لە دەستەواژەی (گولبەهار) وەرگرتووە، بۆ بەرجەستە بوونی بنیاتی هونەری وێنەی شیعری ، کە لێرەشدا گوڵبەهار ناوی گوڵێکی سووری کەم تەمەنە لە سەرەتای بەهاردا سەرهەڵدەدات و زوو دەپوکێتەوە.

١٠. ڕەنگی گوڵناری:

(( تیری عەشقی چاوەکانت وا لە جەرگم کارییە

ئاو لە چاوانم بە خوڕ دێ ڕەنگەکەی گوڵنارییە )) (ب2/ ل266)

(ڕەنگی گوڵناری) ڕەنگێکی سوری وەك گوڵە هەنارە بەرەو قاوەیی و جگەریش دەروات .

١١. ڕەنگی هەناری – روممانی:

(( روخت وەك گوڵ، تەنت وەك سیم، لەبت وەك لەعلی روممانی

دەهانت: فندق و، غەبغەب وەکو نارنجی عەممانی )) (ب2/ ل215)

مەبەست لە (سیم) ڕەنگی زیوینە، (لەعلی روممانی) واتە لەعلی ڕەنگی وەك ڕەنگی (هەنارە ) سوور و ئاڵە وەکو سوور و ئاڵی لێوی سووری یارەوە.

١٢. ڕەنگی بووبە بەی:

(( وەك گوڵ جگەر بە خوێنم ووەك لالە دڵ بە داغ

بو سیی رووت، شەقائیقی رووم ڕەنگی بوو بە بەی )) (ب2/ ل256)

(جگەر بە خوێن) مەبەست لێ سووری گوڵەکەیە. (لالە دڵ بە داغ) کە مەبەست لێ گوڵاڵەیە و ئەویش بە سروشتی خۆی خاڵێکی رەش لەناوەراستیدا بوونی هەیە. (ڕەنگی بووبەبەی) مەبەست لە (بەهێ – میوەی بی)یە کە ڕەنگی زەردەوە بووە لە داغی دووری یارەوە.

ئەنجام:

لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

١. سەرجەم ڕەنگەکان بە بوونی رووناکی دەردەکەون و هەستیان پێ دەکرێت، تەنیا ڕەنگی ڕەش نەبێت بە بوون و نەبوونی رووناکی دەردەکەوێت هەستی پێدەکرێت.

٢. ڕەنگەکان بە بوونی ڕووناکی خۆر ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆیان دەبەخشن، بەڵام بە ڕووناکی دەستکرد ڕەنگەکان لێڵ دەردەکەون.

٣. ( مستەفا بەگی کوردی ) بۆ بەرجەستە بوون و ڕوونکردنەوەی وێنەی هونەری سوودی لەڕەنگەکانەوە بینیوە. گرنگترین ڕۆڵی بە وشەکان داوەو بەڕەنگەکانەوە ناساندوویەتی، بۆ هەر ڕەنگێک زیاتر لەکارێک وواتایەکی پێ سپاردوون.

٤. تەواوی ڕەنگەکان لە دیوانەکەیدا بوونی نیە، لەڕەنگە بنچینەییەکاندا تەواوی ڕەنگەکانی (سوور، زەرد، سەوز، شین)ی بەکارهێناوە، بەڵام لەڕەنگە لاوەکییەکان (نابنچینەیی)ەکاندا تەواوی ڕەنگەکانی بەکارنەهێناوە تەنیا چەند ڕەنگێک نەبێت لەوانە: ( ڕەش، سپی، مۆر، نارنجی، خەنەیی).

٥. ( مستەفا بەگی کوردی ) لەنێو ڕەنگە بنچینەییەکاندا ڕەنگی (سوور)ی زیاتر بەکارهێناوە، ئەمەش دەلالەتە لەسەر خۆشەویستی و گەشبینی شاعیر. بەڵام لەڕەنگە لاوەکییەکان شاعیر ڕەنگی ( ڕەش )ی بەڕێژەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە؛ تەنانەت ئەم جۆرە ڕەنگە لە ڕەنگە بنچینەییەکانیش زیاتر بەکارهێناوە؛ ئەمەش دەلالەت لەسەر ڕەشبینی شاعیر دەکات.

٦. ( مستەفا بەگی کوردی) بەشێک لە ڕەنگەکانی بەشێوەی مەجازی و بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ناویان بهێنێت بەکارهێناوە، لەژێرەوەی وشە خوازەکانەوە واتاو مەبەستی تر هەستیان پێدەکرێت. واتە ڕەنگەکان بەدوو جۆر بەکارهێناوە؛ جۆرێکیان ڕاستەوخۆ ئاماژەی بەڕەنگەکانەوە کردووە. جۆرەکەی تریشی بەناڕاستەخۆ بەهۆی هێماو ئاماژەوە دیوی دووەمی ڕەنگەکانی خستۆتەروو.

٧. لە دەقە شیعرییەکانی ( مستەفا بەگی کوردی)دا (شوێن) ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لەپێدانی دەلالەت بەڕەنگەکانەوە؛ سوودی لەو شوێنانە وەرگرتووە کە تێکەڵاوی سیمای ڕەنگەکانەوە بوون. بەمەش پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان ( کات و شوێن و ڕەنگ )ەوە دروست بووە.

٨. ( مستەفا بەگی کوردی ) لەزۆربەی دێڕی حەوتەمی شیعرەکانیدا جەختی لە ڕەنگەکان کردۆتەوە.

٩. ( مستەفا بەگی کوردی ) بەشێک لە ڕەنگەکانی لەشێوەی وشەی بیانی بەکارهێناوەو سوودی لێوەرگرتوون. بەتایبەتی وشە فارسی و تورکییەکانی لەچوارچێوەی دەقی شیعریدا بەکارهێناوە.

١٠. ( مستەفا بەگی کوردی ) هەموو ئەو ڕەنگانەی بەکارهێناوە کە لەپەلکە زێرینەدا بەشدارن.

ڕاسپاردەکان:

بە هۆی کەمی سەرچاوەی کوردی لەم بوارەدا، وا بە پەسەند دەزانین گرنگی بە بابەتی ڕەنگ لە شیعری شاعیراندا بدرێت، لەڕێگەی:

١. برەودان بەنووسنی نامە ئەکادیمییەکانی خوێندنی باڵا/ ماستەرو دکتۆرا.

٢. پێویستە لەڕێگەی ( سیمینارو وۆرکشۆپ و کۆڕ ) فێرخوازان و توێژەران بەم بابەتە ئاشنا بکرێن.

٣. برەودان بە وەرگێڕانی بابەتی ڕەنگ لەسەرچاوە عەرەبی و بیانییەکانەوە.

٤. برەودان بە توێژینەوەی زانستی لەم بوارەدا ئەمەش بە خستنە بەرنامەی کار بۆ ئەم بابەتە لە کۆنفرانسەکان؛ لەداهاتوودا.

پەراوێزەکان:


(1) پەخشان سابیر حەمەد (د). ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2012، ل378.

(2) أحمد مختار عمر، اللغة واللون، عالم الكتب للنشر والتوزيع، الطبعه الثانية، القاهرة، ١٩٩٧، ص٢٠.

(3) بڕوانە: جەمال محمد أمین، ڕەنگەکان لە قورئانی پیرۆزدا، گۆڤاری هەیف، ژمارە ١١، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٤.

(4) شکری عبدالوهاب، القيم التشكيلية و الدرامية للون والضوء، حورس الولية للنشر والتوزيع، الإسكندرية، ٢٠٠٧، ص٥.

(5) بڕوانە: جەمال محمد أمین، ڕەنگەکان لە قورئانی پیرۆزدا، ل٢٤.

(6) بڕوانە: هارون يحيى، معجزة الله في خلق الألوان، ت: رنا قزيز، الطبة الاولى، مؤسسة الرسالة والطباعة و النشر و التوزيع، بيروت-لبنان، ٢٠٠١، ص٢٢.

(7) هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، 2001، ل135.

(8) بڕوانە: الأخضر ميدنى ابن حويلى، الفيض الفنى في سيميائيه الألوان عند نزار قبانى، مجلة دمشق، دمشق، ع: ٣-٤، ٢٠٠٥ ، ص١١٣.

(9) لوقمان ڕەئوف (د)، سیمۆلۆژیای ڕەنگ لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٥٦.

(10) محمد صابر عبيد (د)، التخيل الشعرى، دار الشؤن للثقافة، بغداد، ٢٠٠٠، ص١٦١.

(11) أحمد مختار عمر، اللغة واللون، ص٢٢٨.

(12) محمود شكر محمود الجبورى، الألوان ( تأثيرها في النفس، علاقها بالفن )، الطبعة الاولى، مطبعة اوفست اللواء، بغداد، ١٩٧٨، ص٣.

(13) بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (١. علاءالدين سجادى، نرخ شناسى، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٠، ل٢١٦)، (٢. علوى الهاشمى (د)، ايقاع اللون في القصيدة العربية الحديثة، البحرين، مجلة الأداب، عدد (١١-١٢)، ١٩٨٨، ص١٤٥)، (٣. مصطفى محمد کەریم زەنگەنە، ڕەنگ لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١، ل٥١-٥٩). ٤. فازیل مەجید مەحمود (د)، سروشت لەشیعری گۆراندا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٦٣).

(14) بڕوانە: محمد خان، العلم الوطنى ( دراسة للشكل واللون )، ، منشورات جامعة محمد خيضر، عدد: ١٥-١٦ ابريل، 2002 ، ص١٨.

(15) سورة فاطر: الآية: 28.

(16) بورهان محمد امین، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیری، سلێمانی – هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤٣٧.

(17) بڕوانە: جەمال محمد أمین، ڕەنگەکان لە قورئانی پیرۆزدا، ل٢٥.

(18) سورة فاطر: الآية: 27.

(19) بورهان محمد امین، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل٤٣٧.

(20) بڕوانە: هارون يحيى، معجزة الله فى خلق الألوان، ت: رنا قزيز، ص46-47.

(21) پەخشان سابیر حەمەد (د)، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١، ل٣٧٨.

(22) مالكوم برادبري، جيمس ماكفارلن، الحداثة، ترجمة: مؤيد حسن فوزي، الطبعة الثانية، مركز الانماء المناري، حلب-سوريا، 1995، ص246.

(23) پەخشان سابیر حەمەد (د)، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١، ل٣٧٨.

(24) هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی شیعری لای نالی، ل135.

(25) بروانە: ظاهر محمد هزاع الزواهرة، اللون و دلالاته في الشعر-الشعر الأردني أنموذجا، دار الحامد للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، 2008، عمان-الأردن، ص236.

(26) علاءالدین سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٠، ل٢١٦

(27) پەخشان سابیر حەمەد (د)، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١، ل٣٧٩-٣٨٠.

(28) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٠.

(29) بڕوانە: پەخشان سابیر حەمەد (د)، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١، ل٣٧٩.

(30) بڕوانە:https://ckb.wikipedia.org/wiki/ڕەنگ

(31) مستەفا بەگی کوردی ساحێبقران، دیوانی کوردی، لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا ( حەمە بۆر )، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

(32) مستەفا بەگی کوردی ساحێبقران، دیوانی کوردی، لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا ( حەمە بۆر )، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

(33) بڕوانە:https://ckb.wikipedia.org/wiki/ڕەنگ

(34) مستەفا بەگی کوردی ساحێبقران، دیوانی کوردی، لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا ( حەمە بۆر )، بەرگی دووەم، ل١٧٥.

(35) مستەفا بەگی کوردی ساحێبقران، دیوانی کوردی، لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا ( حەمە بۆر )، بەرگی دووەم، ل126.

(36) مستەفا بەگی کوردی ساحێبقران، دیوانی کوردی، لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا ( حەمە بۆر )، بەرگی یەکەم، ل٨٦.


لیستی سەرچاوەکان:


* القران الكريم

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

١. کتێب:

1. پەخشان سابیر حەمەد (د)، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2012.

2. علاءالدین سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٧٠.

3. فازیل مەجید مەحمود (د)، سروشت لەشیعری گۆراندا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

4. لوقمان ڕەئوف (د)، سیمۆلۆژیای ڕەنگ لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

2. نامەی ئەکادیمی:

٥. مصطفى محمد کەریم زەنگەنە، ڕەنگ لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١.

٦. هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، 2001.

٣. گۆڤار:

٧. جەمال محمد أمین، ڕەنگەکان لە قورئانی پیرۆزدا، گۆڤاری هەیڤ، ژمارە ١١، سلێمانی، ٢٠١٢.

4. دیوان:

٨. مستەفا بەگی کوردی ساحێبقران، دیوانی کوردی، لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا ( حەمە بۆر )، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٩. مستەفا بەگی کوردی ساحێبقران، دیوانی کوردی، لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا ( حەمە بۆر )، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

5. تەفسیری قورئان:

١٠. بورهان محمد امین، تەفسیری ئاسان بۆتێگەیشتنی قورئان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیری، سلێمانی – هەولێر، ٢٠٠٤.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

١. کتێب:

١١. أحمد مختار عمر، اللغة واللون، عالم الكتب للنشر والتوزيع، الطبعه الثانية، القاهرة، ١٩٩٧.

١٢. شكرى عبدالوهاب، القيم التشكيلية والدرامية للون والضوء، حورس الولية للنشر والتوزيع، الإسكندرية، ٢٠٠٧.

١٣. ظاهر محمد هزاع الزواهرة، اللون و دلالاته في الشعر-الشعر الأردني أنموذجا، دار الحامد للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، 2008.

١٤. مالكوم برادبري، جيمس ماكفارلن، الحداثة، ترجمة: مؤيد حسن فوزي، الطبعة الثانية، مركز الانماء المناري، حلب-سوريا، 1995.

١٥. محمد صابر عبيد (د)، التخيل الشعرى، دار الشؤن للثقافة، بغداد، ٢٠٠٠.

١٦. محمود شكر محمود الجبورى، الألوان ( تأثيرها فى النفس، علاقها بالفن )، الطبعة الاولى، مطبعة اوفست اللواء، بغداد،١٩٧٨.

١٧. هارون يحيى، معجزة الله فى خلق الألوان، ت: رنا قزيز، الطبة الاولى، مؤسسة الرسالة والطباعة و النشر و التوزيع، بيروت-لبنان، ٢٠٠١.

2. گۆڤار:

١٨. الأخضر ميدنى ابن حويلى، الفيض الفنى فى سيميائيه الألوان عند نزار قبانى، مجلة دمشق، دمشق، ع: ٣-٤، ٢٠٠٥.

١٩. علوى الهاشمى (د)، ايقاع اللون فى القصيدة العربية الحديثة، البحرين، مجلة الأداب، عدد (١١-١٢)، ١٩٨٨.

٢٠. محمد خان، العلم الوطنى ( دراسة للشكل واللون )، منشورات جامعة محمد خيضر، عدد: ١٥-١٦ ابريل، 2002.

سێیەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان:

21. ڕەنگ/https://ckb.wikipedia.org/wiki

ئاماژەکان:

1. (ب1) ئاماژەیە بۆ بەرگی یەکەم لەدیوانی ( مستەفا بەگی کوردی )دا.
2. (ب٢) ئاماژەیە بۆ بەرگی دووەم لەدیوانی ( مستەفا بەگی کوردی )دا.
3. (ل) ئاماژەیە بۆ ژمارەی لاپەرە.